# ریفراندۆمی هەفتانە

Referendum for Kurdistan

ژمارە ١٠

سەرنوسەر: محسن کریم    سایتی ریفراندۆم    www.kurdistanreferendum.net    ٢٤ ی دیسەمبەری ٢٠٠٤


# نابۆ هەلبژاردن....بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

## ئیمەو ریفراندۆم و وەلامی دووپرسیار


خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk




بەریز کاك عبدالرحمن مولود لەریگای نامەیەکەوە "دووپرسیاری لەسەر ریفراندۆم پیش هەلبژاردن" ئاراستەی ئیمە کردووە کەلیرەدا بەخۆشحالی‌یەوە وەلامی پرسیارەکانی دەدینەوە.. کاك عبدالرحمن دەپرسی:

*ئیوە کە دروشمی ریفراندۆم پیش هەلبژاردنتان بەرزکردۆتەوە، دەکری ئەوە روونبکەنەوە کە پەیوەندی نیوان ئەم دووانە، واتە هەلبژاردن و ریفراندۆم چی‌یە؟ بەدەربرینیکی‌تر، ئایا دروشمی ریفراندۆم لەلایەن حیزبتانەوە لەبروابوونتانە بەمافی میللەتی کورد لەپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی خۆی بەبی لەبەرچاوگرتنی کات وشوین، یان دروشمیکی کاتی‌یەوە ودەکری لەدەورانیکی‌تر لیی پاشگەزببنەوە، بۆنمونە ....حیزبی "بلاک کۆبیک وار" لەکەنەدا نزیک بە٥٠ سال دەیەویت لەریگای ریفراندۆم کۆبیک لەکەنەدا جیابکاتەوە، ئیوەش وان؟ ئیوە کەدروشمەکەتان **پیش** هەلبژاردنە ئەی ئەگەر ریفراندۆم پیش هەلبژاردن نەکرا چی؟

* ئیوە کە بۆکیشەی کەرکوک "کەرکوک بەشیکە لەکوردستان یان نا" خوازیاری ریفراندۆمیکی تایبەتن بەکەرکوک- هەروەکو بەریز ئاسۆکەمال لەسمینارەکەدا ووتی- دەکری ئەوە روونبکەنەوە کەخۆتان چۆن دەنگدەدەن، ئەگەر ئەو ریفراندۆمەکرا؟ یانی ئایا حککع بانگەوازی ئەندامان ولایەنگر وکریکار وخەلکی زەحمەتکیشی کەرکوک دەکات دەنگ بدەن بۆئەوەی کەرکوک بخریتە سەرسنوری کوردستان؟

لەراستیدا پرسیاری یەکەمی کاك عبدالرحمن چەند پرسیاریکی تری لەخۆگرتووە کەپیویست دەکات بەرۆشنی بخرینەروو تا لەوەلامدانەوە پی‌یان سەرتاپای پرسیارەکەش وەلامیکی تەواو وەربگریتەوە:

پەیوەندی ریفراندۆم بەهەلبژاردنەکانی ئیستای عیراقەوە چی‌یە؟

ئیمە بۆداوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیك پیش هەلبژاردن دەکەین؟ئەگەر ریفراندۆم پیش هەلبژاردن نەکرا چی؟

ئایا بەرزکردنەوەی دروشمی ریفراندۆم لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە، دروشمیکی کاتی‌یە یان لەبروابوونەوەیە بەمافی خەلکی کوردستان بۆپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ؟

سەرەتا دەبی راشکاوانە ئەوەبلیم کە حیزبی ئیمە هەروەك لەناوەکەیدا دیارە بۆ لا پەرە( ٢ )

## چەند بەش لەنامەی هیدایەتی مەلا عەلی نوێنەری کەمپینی ریفراندۆم لە دانیمارك

بەرێز/ بەرپرسی کۆمیتەی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە دانیمارك

بەرێزان / ئەندامانی کۆمیتەی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە دانیمارك

بەرێزان / هەمووومان ئاگادارین کە هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردوستان بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووس سازدا تێدەپەڕێت . لەپاش ڕووخانی ڕژێمی دڕندەی بەعس و داگیرکاری ئەمەریکا کۆمەڵگای عێراق سەرتاپای دەزگا و پێکهاتەکانی لە چەشنی دەوڵەت، یاسا ، دادگا و سەرجەم بنەماکانی کۆمەڵگایەکی ئاسایی و مەدەنی لەبەریەك هەڵوەشایەوەو ئێستا ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە ئەحزابی قەومی کورد و عەرەب و ئیسلامی خەریکن سەر لە نوێ ئەم دیاردانە دائەڕێژنەوە...... دامەزراندنی دەوولەتێکی قەومی و ئیسلامی و عەشایەری ئەو مۆرەیە کە ئەمڕۆ قەرارە بدرێت لە نێو چەوانی ئەم حکومەت و دەوڵەتەو بۆ چەند دەیەیەی تر ژیانی خەڵکی ئەم وولاتە لەنێو کێشمەکێشی قەومی و مەزهەبی ڕادەگرێت و هەزاران ئینسان دەکەنە سووتەمەنی شەڕو ململانێکانیان کە ئێستا سەرەتاکەی دەرکەوتووەو ڕۆژانە دەیان قوربانی بە چاوی خۆمان دەبینین . ئەگەر ئەم جۆرە لە دەوڵەت و حکومەت لە عێراقدا سەقامگیر بێت ئەوا ژیانی خەڵکی عێراق دەبێتە دۆزەخ و .... خەڵکی عێراق ئەگەر یەك جار بچەوسێنەوەو زوڵمیان لێبکرێت لە سێبەری ئەم دەسەڵاتە تێکەڵەدا ئەوا خەڵکی کوردوستان دوو جار دەچەوسێنەوەو جارێکی تر ستەمی میللی و پلە دوویی و میوان بوون لە سایەی ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتداردا بە نسیبی دەبێت...... ئەم هەڵبژاردنانە بە نیسبەت خەڵکی کوردوستانەوە کردەوەیەکە یاخود سیاسەتێکە خەریکە ئەوەی بۆ لا پەرە( ٣ )

## کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بێلایەنە یان سەربەلیستی ئیسلامیەکانە؟!

لەریکلامێکی دوو دەقیقەیی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق ، سێ جار پروپاگەندە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ ئەوەی " دەستور بەپێی ئیسلام " بنوسرێت ، دەوڵەت پشت بە ئیسلام ببەستێت و ئیسلام بنەمای دەوڵەتی عێراق بێت ، بانگەوازی خەڵك دەکات بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای نەبونی کۆمیسیۆنێکی بێلایەنە لە هەڵبژاردنەکانی عیراق و ئەوە دەردەخات کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەر بەلیستی حزبە ئیسلامی وشیعەکانی عیراقن . بەم پێیەش لە ئێستاوە چارەنوسی خەڵکی عیراق و کوردستان دراوەتە دەست ئەوانەی بەناوی هەڵبژاردنەوە لە ئێستاوە ئەنجامی دەرچوونی لیستی حکومەتی ئیسلامی و شیعەکانی ڕاگەیاندوە . ئەمە کەمپینی تەبلیغاتی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق بۆ سەپاندنی لیستی ئیسلامی و شیعەکانە و دەلیلی ناشەرعی بونی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ جارێکی تر بەئاشکرا ڕادەگەیەنێت. ئەم جۆرە پروپاگەندە بۆ ئیسلامیەکان نیشانی دەدات کە ئەوەی بەناوی هەڵبژاردنەوە لە عێراق سازدەکرێت تەنها سیناریۆی گەیاندنی ئیسلامی و شیعەکانە بەدەسەڵات و سپاردنی چارەنوسی خەڵکی عیراق و کوردستانە بەدەستی حکومەتێکی ئیسلامی لە عیراقدا.

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

ئەم ڕاگەیاندن و کارانەی بەناوی هەڵبژاردنەوە لە عیراق سازکراوە بۆ هێنانەکاری حکومەتی سیستانی و صدر و عەلاوی یە ، ئەمە پەیامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق نیشانی دەدات. ئەم هەڵبژاردنە لەسایەی لیژنەیەکدا دەڕواتە پێش کە پێشتر بڕاندویەتیەوە حکومەتی مەدەنی و هەڵبژێردراوی خەڵکی نایەتە سەرکار و بەڵکو حکومەتێکی لەچەشنی جمهوری ئیسلامی ئێران و تالیبانی ئیسلامی دەهێننە سەرکار. ئەم حکومەتە ئیسلامیە کە بەناوی زۆربەی دەنگی خەڵکی عێراقەوە دەستور دەکات بەئیسلامی و دەوڵەت دەکات بە ئیسلامی واتە جگە لە لیستی ئیسلامی و شیعەکان هیچی‌تر ڕێگا نادرێت لە عێراقدا. ئەمەش بۆ خەڵکی کوردستان واتە هەڕەشەکانی سیستانی و یاوەر کە خەڵکی کوردستان دەبێت ببنەوە بەژێردەستەی ئەم حکومەتە ئیسلامی و عەرەبیەی عیراق . ئەمە مانای خەڵکی کوردستان هەر بەشداریەك بکات لەم هەڵبژادنانەدا دەوری نی‌یە و دەبێت ئەو ئەنجامە قبولڵ بکات کە کەمایەتیەکە و دەبێت ملکەچی بڕیاری حکومەتی ئیسلامی وشیعە کە زۆربەی دەنگەکانی هێناوە .

خەڵکی کوردستان بۆ نەچونە ژێرباری ئەم شکستو ژێردەستەیی حکومەتی ئیسلامی وشیعە لەعێراقدا دەبێت ئەمڕۆ داوای بەرپاکردنی رفراندۆم بۆلا پەرە( ٣ )

**بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا قبوڵکردنی بەستنەوەی زۆرە ملێی خەڵکی کوردستانە بە دەوڵەتی ناوەندی یەوە، بەشداری مەکەن!**

پاشماوەی لاپەرە( ١ )

## ئێمەو ریفراندۆمو...

حیزبیكی كۆمۆنیستی كریكاری‌یەو بەپیچەوانەی ئەحزابی ناسیونالیستی‌یەوە بەرنامەو فەلسەفەی وجودی خۆی ناباتەوە سەر "مافی نەتەوە"و كیشەی نەتەوایەتی، بەلكو خەبات بۆ دامەزراندنی كۆمەلگایەكی ئازاد ویەكسان و سۆسیالیستی، هەویەتی سیاسی حیزبی ئیمە پیكدینێ. بەلام كۆمۆنیزمی ئیمە بەوە لەتەواوی ئەحزابە كۆمۆنیست وسوسیالیستیەكانی تر جیادەكریتەوە كە ئیلهام لەكۆمەلگاو كیشەكانی وەردەگری و خۆی بەبەرپرسیار لەچارەسەری هەر ستەم وكیشەیەك دەزانی كەلەكۆمەلگادا بۆتە مایەی جیاكاری‌و چەوسانەوەی ئینسانەكان. لەم روانگەیەوە ئیمە كیشەی كورد بەبرینكی گەورە دەزانین كەبەجەستەی كۆمەلگای عیراقەوەیەو پیمان وایە ئەوە خەلكی كریكار وزەحمەتكیشی هەم عیراق و هەم كوردستانە كەزۆرترین زیانیان لەسەرهەلدان ومانەوەی ئەم كیشەیەدا كردووە ودەیكەن و هەرئەوانیشن كەقازانجیان لەچارەسەری بنەرەتیی ئەم كیشەیەدایە. بەلام كیشەی كورد كیشەیەكی سیاسی‌یەو بەریگای سیاسیش چارەسەردەبی، بەلای ئیمەوە ریفراندۆم، واتە گەرانەوە بۆ رای خەلكی كوردستان خۆیان، تابریاربدەن لەسەر ئەوەی دەیانەویت لەعیراقدا بەمافی یەكسان بمیننەوە وەیا جیاببنەوە ودەولەتی سەربەخۆ پیكبهینن، تەنها ریگای سیاسی گونجاوە كەدەتوانی ئەم كیشەیە لەبنەوە چارەسەر بكات وئیتر خەلكی كوردستان بەعینوانی كوردبوونیان نەچەوسینەوە و نەكەونە بەردەم پەلامارو سەركوتی خویناوی دەولەتی مەركەزی ونەشكرینە سەرمایەیەك بەدەستی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی كوردەوە بۆ گەیشتن بەقازانجەكانی خۆیان. لەم بروایەوە بۆ حیزبی ئیمە داوای ریفراندۆم یەكیكە لەپرەنسیپ و خواستە بەرنامەیی‌یەكان وتائەم كیشەیەش بمینێ ئیمە پەنابردن بۆداوای بەرپاكردنی ریفراندۆمیك لەكوردستان بەریگا چارە دەزانین.

لەبارەی مافی دەولەتی سەربەخۆشەوە، ئیمە ئەمە بەمافی خەلكی كوردستان خۆیان دەزانین هەركات لەهەر ریفراندۆمیكدا داوای بكەن، تەنانەت ئیمە بروامان وایە تائەو كاتەی دەولەت ودەسەلات لەعیراقدا لەسەر بنەمای هەویەتی قەومی وئیسلامی دامەزرابی و پیناسەی بۆبكری ئیمە جیابوونەوەو پیكهینانی دەولەتی سەربەخۆ بۆخەلكی كوردستان لەسەلماندنی مافیك زیاتر دەبینین وبەهەموو توانامانەوە بۆی تیدەكۆشین. هەروەك تائیستا بۆی تیكۆشاوین ولەسەر ئەم خواستەش لەگەل ئەحزابی ناسیونالیستی كورددا (یەكیتی وپارتی) كەوتوینەتە شەروكیشەوە. بۆیە بەدلنیایی‌یەوە دەمەوی بلیم كە پیداگری ئیمە لەسەر داوای ریفراندۆم نە هەلویستیكی ئەمرۆ سبیەنێ‌یەو نەلەسەر بناغەی هەلبژاردنەكانی ئیستای عیراق گیراوەتەبەر. ئەگەریش ریفراندۆم پیش هەلبژاردن نەكرا، ئەوا ئەم هەلویستەمان هەردەمینێ مادام كەخودی كیشەی كورد، وەك كیشەیەكی سیاسی و واقعی بەچارەسەرنەكراوی ماوەتەوە. وە لەبارەی سەلماندنی مافی جیابوونەوەی كوردستان وپیكهینانی دەولەتیكی سەربەخۆشەوە، دیسانەوە تائەوكاتەی ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی هەویەتی دەولەتی عیراقیان دیاری كردبیت ودەسەلاتیان بەدەستەوەبیت، ئەوا داكۆكی ئیمە لەم مافە وەك خۆی دەمینی وبگەر هەموو توانامان بۆ بەدیهنانی دەخەینەگەر.

بەلام داوای ریفراندۆم پەیوەندی چی‌یە بە هەلبژادنەكانی ئیستاوە و وەبۆ ئیمە شیعاری "ریفراندۆم پیش هەلبژاردن"مان هەلبریوە؟ بۆ ئەمەش دەبی ئەوە بلیم كەهەلبژاردنەكانی ئیستا لەچوارچیوەی پرۆسەی سازدانەوەی دەولەتی عیراقدا وەك سیاسەتیكی ئەمریكا بەدەستەوە گیراوە، ئەمریكاو هاوپەیمانانی لەئەحزابی قەومی عەرەبی و دەستەوتاقمی ئیسلامی تادەگات بە یەكیتی وپارتی، هەولیان بۆئەوەیە دەولەتی عیراق سەرلەنوی سازبدەنەوە. بەلام لەم پرۆسەی دەولەت سازدانەوەیەدا ئەوەی خەریكە جاریكی تر دوپات دەبیتەوە، سیناریۆی پیوە لكاندنەوەی جاریكی تری خەلكی كوردستانە بەدەولەتیكەوە كە رەئیانی لەسەر وەرنەگیراوە، یانی هەمان رووداوی سالانی دوای جەنگی جیهانی وپیكهاتنی دەولەتی عیراق كەلەپەیمانیكی ئیمپریالیستی‌دا كوردستانیان دابەشكردو بەزۆر خەلكەكەیان بەدەولەتی عیراقەوە لكاند، بەبی ئەوەی خۆیان رایان لەسەردابیت. هەلبژاردنی ئیستا گەرەكیەتی هەمان سیناریۆ دووپات بكاتەوە. بیگومان لەهەلومەرجیكی ئاواشد، ریفراندۆم لەهەركاتیكی تر زەرورەت پەیدادەكاو وەك شیعاریكی فەوری بۆ بەرگرتن بەم سیناریۆی بەزۆر پیوەلكاندنە دەكەویتە دەستوری ئیمەو كۆمەلانی خەلكی كوردستانەوە. هاوكات ریفراندۆم پیش هەلبژاردن، تەوژمی داواكاری خەلكی كوردستانە لەنیو پرۆسەی دەنگدان وئەوصندوقانەدا كەبۆعەلاوی ویاوەرو سیستانیەكان دانراوەو هاوكات ریزی خەلكی كوردستان و داواكەیان جیابكاتەوە لەلیستە هاوبەشەكەی پارتی ویەكیتی كەبەخاتری وەرگرتنی پۆستەكانی وەزارەت خەریكن خەلكی كوردستان پەلكیشی پیكهنانەوەی دەولەتیك دەكەنەوە كەلەسەربناغەی قەومی عەرەبی وئیسلامی خۆی ناساندووە. لەیەك وشەدا داوای ریفراندۆم پیش هەلبژاردن، داوای ئازادكردنی خەلكی كوردستانە بەرلەوەی تەوقی بەزۆر لكاندنەوەی بەدەولەتی مەركەزی‌یەوە بكریتەوە گەردن.

لەبارەی مەسەلەی كەركوكیشەوە كەلەپرسیاری دووەمدا هاتووە، ئاشكرایە كە شاری كەركوك لەمیژوودا ناوچەیەكی كوردنشین بووە و هەر لەویشدا خەلكی توركمان، ئاشوری وعەرەب پیكەوە ژیانیكی هاوبەشیان كردووە وئەمەش بەواقعی بۆتە مایەی تیكەلاوی و هاوچارەنوسی لەبەرامبەر هەرگرفت وكیشەیەكدا كەرووی لەم شارە كردبیت. بەلام بەهۆی سیاسەتیكی فاشیستی‌و رەگەزپەرستانەوە كەرژیمی بەعس لەرابردوودا، بەرامبەر خەلكی ئەم شارە بەگشتی و كوردەكان بەتایبەتی پەیرەوی‌كردووە وهاوكاتیش لەبارودۆخەكانی ئیستادا كەنەعرەتەی قەومی و ناسیونالیزم لەهەموو لایەكەوە، بەناوی ئەوەی "كەركوك شاری كوردە"، "كەركوك شاری توركمانە" ،"كەركوك شاریكی عیراقی‌یە"،.. خەریكی پەرەدانن بەگیانی رەقەبەریتی قەومی وخەلكی ئەم شارە كە تادوینی منالەكانیان پیكەوە لەگەرەك وقوتابخانە بەبی جیاوازی كردنی یەكتر یاریان كردووەو خویندویانە و ژنان وپیاوانیشیان لەكارگەو ناوەندەكانی كاردا بەدوای بژیوی رۆژانەوە بوون، دەنرینە بەرامبەر بەیەك و ترسی شەرو پیكدادانیكی قەومی بەسەر خەلكی ئەمشارەوە دەكەنە یەك واقعیەتی تال وخویناوی. لەحالیكی ئاوادا، هەرجۆرە تیروانینكی قەومی وبەبەرداكردنی هەویەتی قەومی بەسەر ئەم شارەدا پەمپی ئاگری ئەم شەرو مەترسی‌یە دەكاو نەك هەر كیشەی كەركوك بەرەو چارەسەر نابات بەلكو لەبارودۆخیكی ئالۆز و بارگرژی‌یەكی بیچارەدا رایدەگری. حیزبی ئیمە لەلایەك بۆدورخستنەوەی ئەم مەترسی‌یەو بەرگرتن بەهەرجۆرە پیكدادانیكی قەومی لەم شارەدا وهاوكات بۆچارەسەری بنەرەتی كیشەی ئیستای شاری كەكوك لە بەلگەنامەیەكدا بەناوی"وەسیقەی كەركوك"، ریگاچارەی دروستی خۆی خستۆتەروو كەلیرەدا، بەپویستی دەزانم ئاماژە بەگرنگترین سەرخەتەكانی بدەم:

یەكەم، بەپیچەوانەی ناسیونالیزمی كوردو هەرجۆریكی تری ناسیونالیزمەوە، بەلای ئیمەوە، خاكپەرستی وئاو وئالاو سنورو رەگەز بناغەیەك نی‌یە بۆتیروانین و هەلویستگرتن لەسەر كیشەی كوردو لایەنەكانی پەیوەست پیوەی، لەوانەش مەسەلەی كەركوك، بەلكو بۆئیمە تیوەری ماف وپیشرەوی كۆمەلایەتی‌و جیگای ئینسان وداهاتووەكەی بناغەی تیروانین و هەلویستەكانمانە. لەم روانگەیشەوە شاری كەركوك شاری سەردەمانی ئەمارەت وقەوم وقەبیلە دواكەوتووەكانی پیشین نی‌یە كەلەسەر بنەمای رەگەزو تۆلەسەندنەوەی كویرانە خۆی بناسینی، بەلكو ئەم شارە بەتەوای هەویەتیكی ئیسانی وچونیەكی هەیەو ئەمەش ناسنامەی كۆمەلایەتی خەلكەكەیەتی. دووەم: داهاتووی ئەم شارە بەرەو كوی بروات، ئەمە مافی خەلكی شارەكە خۆیەتی. واتە ئەوە خەلكی كەركوك بەكوردو عەرەب وتوركمان وئاشوری و.. خاوەنی بریاری ئەوەن كەدەیانەویت بەشیك بن لەكوردستان وەیان وەك شاریكی عیراقی جیگابگرن. سیهەم: ئازادی نیشتەجی‌بوون و جیهیشتن لەم شارەدا بۆهەمووان ئازادەو هەرجۆرە دەرپەراندن و هینانی بەزۆری كەسان لەم شارەدا مەحكومە، هەركەس لەكورد وتوركمان وعەرەب كەبەزۆر تەرحیلكراون، ئازادن بەگەرانەوە ونیشتەجیبوونەوەی جاریكی‌تر لەم شارە، چوارەم: دەبی لە نوینەرانی خەلكی ئەم شارە لیژنەی چاودیری‌وسولح ولیكۆلینەوە لەمال وحالی هەموو ئەوكەسانەی كەئەرزو مالیان زەوتكراوە پیك بیت وچارەسەری عادیلانە لەهەربارەیەكەوە بخاتەبەردەم. پینجەم: ئەوە ئەركی دەسەلاتدارنی ئەم شارەیە كەپارەو زەوی وئیمكاناتی تەواوی بیبەرامبەر، بخاتە ئیختیاری ئەو خیزانانەی گەراونەتەوە وەیا بریاری نیشتەجی بوونیان لەم شارەدا داوە.. لەسەربنەمای ئەم خالانە ئیمە پیمان وایە كیشەی كەركوك ریگاچارەیەكی كارسازو ئینسانی دەگریتەبەرو داهاتووەیەكی ئاسوودە بۆخەلكەكەی مسۆگەر دەبی. لەچوارچیوەی ئەم تەرحەشدا وهەركات خەلكی شاری كەركوك گەیشتنە ئاستانەی بریاردان لەسەر ئەوەی كە لە ریفراندۆمیكدا، خۆیان بەكام بەش لەكوردستان، یان عیراق دەزانن، ئیمە لەپیشرەوی كۆمەلایەتی و هەلبژاردنی سیستەمیكی ئینسانی و سكولار، دەروانین و هانی خەلكی دەدەین كەبەرەو لای ئەم ئیحتمالە بریاری خۆیان بدەن. بۆنمونە ئەگەر دەولەتی عیراق لەسەر بناغەی قەومی وئیسلامی دامەزرابێ، ئیمە نەك هەرهانی خەلكی كەركوك دەدەین بۆئەوەی نەچنەوە ژیر ركیفی حكومەتیكی لەم جۆرە، بەلكو بەتەوای توانامانەوە تیدەكۆشین كۆردستان لەریگای ریفراندۆمیكەوە جیاببیتەوە و دەولەتیكی سەربەخۆی عیلمانی، نەقەومی ونەئاینی دامەزرینی، وئەمەش بەپیشرەوی كۆمەلایەتی وقازانجی خەلكی كوردستان و ناوچەكە دەبینین.

بۆلاپەرە( ٣ )

## بزوتنەوەی "رفراندۆم" بێدەنگی یا لایەنگری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق ؟!

لەوەڵام بە کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، لیژنەی باڵای بزوتنەوەی "رفراندۆم " لە کوردستان سەبارەت بەبێدەنگیان لەبەرامبەر هێرشی شۆڤینیستانەی یاوەردا ، ئەم لیژنەیە ڕایانگەیاند کە ئەوان بەدگومان کراون بەپاشکۆیەتی بۆ یەکێتی وپارتی و هەروەها دانیان نا بەوەی ٢ ملیۆن ئیمزایان لە خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کۆنەکردۆتەوە .

ئێستا لە کاتێکدا خەریکە کوردستان لە ڕێگای بەناو هەڵبژاردنێکەوە جارێکی تر بەزۆر و بەبێ ڕاپرسی بەخەڵکەکەی دەخرێتەوە ژێرسایەی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق ، دیسانەوە ئەم بزوتنەوەی بەناو"رفراندۆم"ە هەڵوێستی بێدەنگی لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا گرتوە. بێگومان بێدەنگی لەم کاتەدا بۆ لایەنێك کە ئیدعای ئەوەی کردبێت رفراندۆم لە کوردستان بەڕێدەخات نیشانەی خستنەلاوەی خواستی رفراندۆم بەعەمەلی یە و لایەنگری کردن لەو پرۆسەیەیە کە بەناوی هەڵبژاردنەوە خەریکە چارەنوسی کوردستان دیاری دەکات.

هەلبژاردنەکان ئەمڕۆ لە عێراقدا بۆ شەرعیەتدانەوە بە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و گەڕانەوەی کوردستانە بۆ ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە کە ١٣ ساڵە بە عەمەلی سەربەخۆبوە لێی.بەم پێیە هەڵبژاردن سڕینەوەی ماڤی بەرپاکردنی رفراندۆمە بۆ خەڵکی کوردستان و سپاردنی چارەنوسی کوردستانە بەدەستی دەوڵەتی مەرکەزی. خەڵکی کوردستان بەدەر لەویست و خواستی خۆی و بە پێشیلکردنی ماڤی پرس پێکردنی بۆ گەڕانەوە سایەی دەوڵەتی عێراق ، لەسایەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا دەگەڕێندرێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی. هەڵبژاردن و دەوڵەتێکیش کە پێك دێت لای لیژنەی باڵای رفراندۆم لە کوردستانیش زۆر ئاشکرایە کە مەلاکانی نەجەف و شۆڤینیستەکانی چەشنی یاوەرن. بەڵام ئەم ڕاستیانەی شێرکۆ بێکەس و هاوەڵەکانی لە بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" ساڵ و نیوێك لەمەوبەر باسیان دەکرد، ئێستا کە خەریکە ئەو هێزانە دەسەلات دەگرن و خەڵکی کوردستان دەخرێنە ژێر عەبای ڕەحمەتی دەسەڵات و دیموکراسیان بۆچی مەسەلە نیە و باسی رفراندۆم و ٢ ملیۆن ئیمزا بۆکوێ چوو؟ ئایا بەڵگەی لەمە ئاشکراتر هەیە بۆ ئەوەی هەڵویستەکانی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم پاشکۆی بەرژەوەندی و دەسەلاتی یەکێتی و پارتین و ئەم بێدەنگیانەی بەرامبەر بەیاوەر و هەڵبژاردن جگە لە خزمەت بە سیاسەتی پاراستنی کورسیەکانی دەسەلاتی ئەم حزبانە لەسەر حسابی ماڤی چارەنوسی خەڵکی کوردستان شتێکی ترذییە. لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم جگە لەم دەورە دەوریکی تر بۆ خۆی شك نابات و دەیانەوێت جەماوەری کوردستان وەکو کارتی فشاری یەکیتی وپارتی لەشەڕە کورسیەکانیدا بەکاربهێنن . بەتایبەت بەم هەڵوێستی بێدەنگی‌یە بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە ٢ ملیۆن ئیمزا بۆ رفراندۆم ئێکسپایەر دەکەن و ئەو ٢ ملیۆن دەنگە دەسوتێنن کە داوای رفراندۆمی پێش هەڵبژاردن کردوە. هەربۆیە بەم کارە جارێکی ترنیشانی دەدەن کە چیتر نوێنەرایەتی رفراندۆم و ئەم دەنگەی خەڵکی کوردستان ناکەن.

هەروەك لەو وەڵامەی بزوتنەوەی رفراندۆمدا هاتبوو ، بەڕاستی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەیەکی ترە و بە ئاشکرا رفراندۆمی بۆ سەربەخۆبونی کوردستان دەوێت. ئەمڕۆ دەنگی هەزار کەسی کۆنگرەی لەندەنی ئەم کەمپینە بۆ رفراندۆم پێش هەڵبژاردن ، دەنگی واقعی ئەو ٢ ملیۆن ئیمزایەی خەڵکی کوردستانە و ئەم کەمپینە نوێنەرایەتی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان دەکات . هەربۆیە پێویستە سەرجەم هێزی جەماوەری خوازیاری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەم دەورە حەساس و چارەنوس سازەدا لەدەوری کەمپینەکانی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کۆببنەوە تا بتوانین ئەو دەنگە جەماوەریەمان کە خوازیاری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە چیتر بەدەستی کەسانی ترەوە یاری پێ نەکرێت و لە بەرامبەر ئەم هەڵبژاردنانەدا بەرزیان بکەینەوە و ڕێگە نەدەین لەپێناو هەڵبژاردنەکاندا ئەم دەنگانەمان بسوتێنرێت و ئێکسپایەر بکرێت.

ئێمە بانگەوازی هەموو هەڵسوراوانی بزوتنەوەی رفراندۆم و هەموو جەماوەری رفراندۆم و سەربەخۆیی خوازی کوردستان دەکەین کە داوای بکەن و دەنگ و شەرعیەت نەدەن بە هیچ هەڵبژاردنێك کە پێش لە رفراندۆم و ڕاپرسی بە خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

ئەمڕۆ هەر کەسێك لە کوردستان خاوەنی دەنگێکە و دەبێت ئەم دەنگە لە پێناو رفراندۆمدا بەکاربهێنێت نەك لەدژی رفراندۆم کە هەڵبژاردنەکانی عێراقە. هەڵوێستی هەر کەس ولایەنێك کە ئیدعای رفراندۆم بکات بە داوای رفراندۆم پێش هەڵبژادن و بە شەرعی دانەنان و بەشداری نەکردنی لەو هەڵبژاردنانەدا دەردەکەوێت . لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم بەم بێدەنگیە لایەنگیرانەیەی لە هەڵبژادنەکان چووەتەوە پشتی فیدرالیزمی یەکێتی وپارتی و بەرژەوەندی ئەوانی خستۆتە سەروو بەرژەوەندی و چارەنوسی خەڵکی کوردستان وماڤی رفراندۆم وسەربەخۆیی‌یەوە و هەربۆیە ناکرێت چیتر ئەم بزوتنەوە بەناوی "رفراندۆم"ە لەسەر رفراندۆم حساب بکرێت.

**کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

### پاشماوەی نامەی هیدایەتی مەلا علی

لە ٨٣ ساڵ پێش لە ئێستا ڕوویدا و کوردوستان بەبێ هیچ دەورو دەخالەتێکی خەڵك خرایە سەر مەرکەز، دووبارە ئەبێتەوە ....ئەمڕۆ لە هەرکاتێك گرنگ ترو چارەنووس سازترە کە خەڵکی کوردوستان خۆی بڕیار بدات و خۆی دەخالەت بکات لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی . .....

بەڕێزان / ئێوە کارتان بۆ ئەوە کرد کە لە کوردوستاندا ڕیفراندۆم بکرێت و ڕاپرسی بە خەڵکی کوردوستان بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردوستان خۆیان دیاری بکەن کە چ جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ مەرکەز هەڵدەبژێرن . بەڵام ڕۆژگار دەڕوات و خەریکە لە سەرو ئیرادەی خەڵکەوە بڕیار دەدرێت و جۆری پەیوەندیەکەش دیاری دەکرێت گەڕانەوە بۆ مەرکەز و لکاندنەوەی کوردوستان بە عێراقەوە .

من بەم نامەیە بانگەوازتان دەکەم کە بێن و پێکەوە کار بکەین بۆ بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بۆ ڕیفرادۆم پێش هەڵبژاردن .... ئێمە ... کارەکانمان دەست پێکردووەو خوازیاری ئەوەین ئێوەش بێن و پێکەوە ئەم مەسئوولیەتە سیاسی و ئینسانیە ئەنجام بدەین .

### پاشماوەی لاپەرە( ١ ) کۆمیسیۆنی باڵای...

بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات و بڕیار لەسەر چارەنوسی کوردستان بدات. ئەمە تاکە ڕێگای بەرگرتن بە خەتەری مسۆگەری کەوتنەوە ژێر دەستی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی‌یە لە عێراقدا. خەڵکی کوردستان ئێستا دەبێت دەنگی نەبیستراوی خۆی بگەیەنێت بە گوێی جیهانی دەرەوە و ڕایگەیەنێت کە تەسلیم بە حکومەتی ئیسلامی و عەرەبی نابێت و دەنگ بەو هەڵبژاردنە نادات کە تیایدا ببێتەوە بە هاوڵاتی پلە دوو.

ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بانگەوازی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین کە دەنگ بدەن بە رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و داوای بەرپاکردنی رفراندۆم بکەن و دەنگ نەدەن بە هەڵبژاردنی حکومەتی ئیسلامی و عەرەبی لە عێراقدا. ئەمە تەنها وەڵامێکە کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق بدرێتەوە و هیچ شەرعیەتێك نەدرێت بە بڕیار و پروپاگەندەکانی بۆ هەڵبژاردن لە کوردستاندا.

**کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

### پاشماوەی لاپەرە( ٢ )

لەکۆتایی‌دا هینانەرووی ئەو تیبینی‌یە، لەبەرامبەر گومانیکدا کە بەپرسیارەکانی بەریز کاك عبدالرحمنەوە دیارە بەپویست دەزانم، بەتایبەتی کاتیك کەئەو لەبەرامبەر ئیمە وریفراندۆم وشیعارەکانمان بەگومانەوە دەروانی. لەکاتیکدا هەموو کەس ئەوە دەزانی سەردەمیك کەزاراوەکانی "ئۆتۆنۆمی موفاوەزە وفیدرالیزم" لەزاری ئەحزابە ناسیونالیستەکانی کوردەوە وەك ریژنەی باران دەباری، زاراوەی ریفراندۆم یەکەمجار لەلایەن ئیمەوە داکەوت وخرایە سەرزاری خەلکەوە وپەیگیرانەش داکۆکیمان لیکردووەو هیچ کاتیکیش لەسەروخەلکی کوردستانەوە وبەنیهنی بۆقازانجی حیزبیمان لەگەل دەولەتی مەرکەزیدا نەکەوتوینەتە سات وسەوداوە، هەربۆیە گومانیك کە کاك رحمان هەیەتی لەئیمە لەشوینی خویدانی‌یە. بەبروای من شك وگومانیك کە کاك عبدالرحمان و هەرخەلکیکی دلسۆز هەیبیت، دەبی لەهەرهەنگاو سیاسەتیکی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی وەك یەکیتی وپارتی بیانبیت. بەتاییبەتی کە کارنامەو میژووی ئەم حیزبانە جگە لە درۆکردن لەگەل خەلك وياری‌کردن بەچارەنوسیانەوە شتیکی تریان نیشان نەداوە... بەشداری ئیستاشیان لە هەلبژاردنەکاندا، بەلگەیەکی ترە، بۆئەوەی کەئەوان ئامادەن هەمو"شارەکانی کوردستان" بەشاری کەرکوکیشەوە بکیشنەوە ژیرسایەی دەولەتی داهاتووی عیراق. ..

ئومیدەوارم وەلامەکانم بۆ کاك عبدالرحمن وهەمووان بەسود بووبن...

20-12-2004

## لەژێر دەسەلاتی ئەمریکادا هەڵبژاردن گاڵتەجارییە!

سیروان ئەمین
sirwanlatif@hotmail.com

لە هیچ ولاتێکدا نەبوە هەڵبژاردن بکریۆ ولاتێکی وەك ئەمەریکا ئەو ولاتەی داگیرکردبێ وبەسەر سەری خەلکەوە بێ، ئاخر هەڵبژاردن ئەگەر بە مانا ئەمریکیەکەیشی بێت و خەڵك بتوانێ بێ ترس و دوو دڵی دەنگی خۆیان بخەنە سنوقێکەوە و کەسێ یان حیزبێك وەك نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن ئەوە پێویــستی بەکەشێکی ئارام و لەبار هەیە تا بتوانن ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنن، بێگومان ئەوکەس ولایەنانەی کە ئێستا لەدەسەلاتن لە ژێر چەتری ئەمریکیەکاندا و بە فەرمانی سی ئای ئەی حوکم دەکەن و بێ ئەمریکا دەست بە ئاوا ناکەن و هەرچی ئەو بلێ قبوڵیانە، لە سبەینێشداو هەر بە پاڵپشتی ئەمریکاو کۆمەکی ئەو ئەم هێزانە دەردەچن، لەهەلومەرجێکی وادا نەك هەر هەڵبژاردن شەرعی و قانونی نی یە بگرە گاڵتە جاریشە.

لەلایەکی تریشەوە و لەئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەدا کە ئەمریکا پێکی هێناوە دەیان گروپی قەومیو ئیسلامی سیاسی بەکۆمەکی وڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لە چەشنی ئێران و سعودیەو لە تەکێ و خانەقانەکانیان سەریان دەرهێناوەو ئەوەی دیاردەیەکی شارستانی بێت چاویان پێیدا هەڵنایە و کاروکردەوەیان بوە بە کوشتنی ژنان و تەقاندنەوەی شوێنەکانی مەی فرۆشتن و سالۆنـەکانی قژبڕینو وەرگرتنی باج و خەراج و زەکات لە خەلکی ستەمدیدەی عێراق، چی ئەمریکایشە سەرەڕای ئەوەی ئیدعای ئەوە دەکات کە شەڕ لە دژی تیرۆر دەکات، بەلاٌم بەتوندی دەستی گرتوە بە پشتی ئیسلامیەکانەوەو لەدەزگاو بلاٌوکراوەکانی خۆیەوە ئامادەیە بە شانو باڵی هەرکەس و تاقمێکیاندا هەڵبدات بەمەرجێ دژایەتی بەرژەوەندیەکانی نەکەن، وەك ئەوەی لەگەڵ ئایەتولاٌ سیستانیدا دەیکەن و پێشتریش لەگەڵ تالیبان و قاعیدەدا کردیان. ئەمریکا بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی خۆیو بەتالاٌن بردنی



ماڵ و حاڵی خەڵکی عێراق دەیـەوێ لەچەند کۆنە بەعسیەکی وەك عەلاوی وچەند کۆنە پەرستێکی ئیسلامی لە هەڵبژرادنێکی کارتۆنیدا قەناعەت بە خەڵکی عێراق بکات و شەرعیەت بدا بە دەزگایەك کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ خواست و ئارەزوەکانی خەڵکی عێرق دا نایەتەوە و لە ئێستاوە مەحکومە .

کاتێ خەڵکی عێراق دەتوانێ لەسەر چارەنوسی خۆی بڕیار بدات کە ئەمریکا عێراق بەجێ بهێڵێو لە زەمینەیەکی لەبارتردا ئەم کارە بکرێ. وەزعی ئێستای عێراق زۆر ناهەموارە، لە نیوەی زیاتری خەڵکی عێراق بێکارن و هەزاران خێزان بێخانەو لانەنو لە سەربازگەو فەرمانگە کۆنەکانداندو لە وەزعێکی خراپدا دەژین و شەڕو تەقینەوە بوەتە کارێکی رۆژانەو ئارامیەك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێ.

ئەمریکا شەلم کوێرم دەست ناپارێزیو بەرۆکێتو چەکی قورس شارو بازاڕەکانی عێراقی کردوە بەمەیدانی جەنگێکی وەحشیانە و رۆژانە دەیان کەس دەکوژرێنو دەیانی تر بریندار دەبن.

ئەگەر سەیری ژیانی خەڵکی عێراقیش دەکەی ئەوە جگە لەموسیبەتەکانی شەڕ بەلاٌی بێ کارەبایی و بێئاویو نەبوونی سوتەمەنی و نەوت و غاز ئەوەندەی تر وەزعەکەی ئاڵۆز تر کردوە و شەو نی یە خەڵك تاریکی کونجی ماڵەکانیان نەکاتە زیندانو بە ساردو سڕیو ترسەوە رۆژ نەکەنەوە.

سەرچاوەی نەهامەتیو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە بوونی تیرۆریستانی ئیسلامیو بوونی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق، بۆیە باشترین وەلاٌم بەم گاڵتە جارییە چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنیو عیلمانیێە کە لەسەر بنەمایەکی ئینسانیو بێ جیاوازی نێوان قەوم و قەبیلەو مەزهەب هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا بکات، ئەمە تەنها چارەسەرە بۆئەوەی عێراق و خەڵکەکەی لەو زەلکاوە رزگاری بێ.

لە سایتی پەیامنیرەوە:

## دوو ملیۆن ئیمزاکەی خەڵکی کوردستان بۆ ریفراندۆم دەگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان

هاوڕێ مەحمود– ڤیەننا

–Peyamner دوای ئەوەی نوێنەرانی کوردستانی بزوتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم)،بەرێزان هەڵکەوت عەبدولاٌ وفەوزی ئەتروشی بە مەبەستی گەیاندنی ئیمزاکانی گەلەکەمان لە ناوەوەو دەرەوەی ولاٌت بە دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان گەیشتە هەندەران، لە لایەن کۆمیتە بالاٌکانی ریفراندۆمی دەرەوەی ولاٌت، چەندین پەیوەندی ئامادە کراوە.

یەکێك لەو پەیوەندییانەش کە کۆمیتەی بالاٌی ئەمریکا ئامادەی کردووە بریتیە لەوەی کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢/١٢ شاندێك لە نوێنەرانی ڕیفرادۆم کە بریتین لە هەڵکەوت عەبدولاٌ، فەوزی ئەتروشی، لوقمان ئابلاٌخی و چەند نوێنەرێکی تر سەردانی بارەگای نەتەوە یەککگرتووەکان بکەن و لەگەڵ نوێنەرانی ئەم دەزگا نێودەوڵەتییەدا کۆببنەوە.مەبەست لەم سەردانەش گەیاندنی نزیکەی ٢ ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردە لە ناوەوەو دەرەوەی ولاٌت. هەروەها گەیاندنی پەیامی بزوتنەوەکەیە بە دەزگا نێودەوڵەتییەکان تا لەم ڕێگایەوە لە کوردستاندا و پێش درووستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی ریفراندۆمێك ئەنجام بدرێت و پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێت، کە ئایا دەیانەوێت بەشێك بن لە ولاٌتی عێراق یان نا؟ هەر بۆ هەمان مەبەستیش بڕیارە ڕۆژی ٥/١/٢٠٠٥ شاندێکی بزوتنەوەی ریفراندۆم بگەنە جنێف و لەگەل نوێنەری نەتەوەیەککگرتووەکان لە سویسرا کۆببنەوە.

٢٠ Dec ٢٠٠٤

## بانگەوازێك بۆ کوردەکانی دانیشتووی نەرویج



کامل احمد

بەرپرسی کـۆمـیـتـەی نەرویجی

حـیـزبـی کـۆمـۆنـیـستی کـرێـکـاریـی عێراق

تەلەفۆن: ٩١١١٤١١٦
norskavdeling@yahoo.com

**"دەنگت ئایندەیە" دروشمێکی هەڵخەڵەتێنەرانەو فریودەرانەیە و فریومەخۆن.**

ئەم دروشمە سات و سەودایەکی ئاشکرایە بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوەو بە تەواوەتی دژ بە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

ئەم دروشمەو بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا نەك کۆتایی ناهێنێت بە پلە دوویی خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەلاٌتی عەلاوی یاوەرەکاندا، بەڵکو بێ بەشیان دەکات لە مافێکی سیاسی و ئینسانی خۆیان.

بۆیە لەم هەڵبژاردنانەدا بەشداری مەکەن و لە پەنا سندوقەکانی ئەواندا با سندوقی خۆمان دانێین و دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان بدەین.

خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە کە ڕایان وەربگیرێت و ڕاپرسی یان پێبکرێت کە ئایا دەیانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت یان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوەو ژیان بکەن.

ئەم "هەڵبژاردنە" هیچ شەرعیەتێکی نیەو گاڵتەجارییەو سیناریۆیەکی دروستکراوەو شەرعیەت دانە بە نەبوونی نان و ئازادی و ئەمنیەت بۆ خەڵکی عێراق و پلە دوویی یە بۆ خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی وەرگرتنی دەنگی خۆیانەوە.

بەشداریکردن لە "هەڵبژاردن"دا، بەشداری یە لە پڕۆسەی ئەمریکاو داردەستە ئیسلامی و قەومیەکاندا بۆ درێژەدان بە مەئساتەکانی ئێستاو بە زۆر لکاندنەوەی خەڵکی کوردستان بەعێراقەوە.

بۆیە لەم دەنگدانەدا بەشداری مەکەن و دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی بدەن.

**ریفراندۆم لە کوردستان**
**پێش هەڵبژاردن،**
**ریفراندۆم بۆ وەلاٌم بە:**
**سەربەخۆیی ( ئا ) یان ( نا )!؟**